# هەولێرییەکانی جارێکی دیکە دەسک

لە یاریگای شەعبی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر زیاتر لە (٣٠) هەزار هاندەر یاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و نەجەف بەڕێوەچوو کە تیاییدا شێرەکانی قەڵای زەرد توانیان دڵی جەماوەرەکەی خۆیان خۆش بکەن بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی نازناوی ئەم خولە بگەڕێننەوە هەولێر پایتەختی کوردستان، دوای یارییەکی بەهێز کە زیاتر لە (٣) کاتژمێری خەیاند، لە گێمی یەکەمی یارییەکە ئاستی یانەی هەولێر مام ناوەندی بوو زیاتر بایەخی بە هێڵی بەرگری دەدا و پشتی بە هێرشەکانی پێچەوانەوە دەبەست کە هەرەیەکە لە موسلم موبارەك و ئەحمەد سەڵاح و لوئەی سەڵاح ئەم هێرشانیان دەبرد، بەڵام هیچ مەترسییەکی لەسەر گۆڵی یانەی نەجەف نەبوو، یانەی نەجەف لەم گێمە زۆر باش یاریکردوو هەوڵی دا هەر زوو گۆڵێك تۆمار بکات، بەڵام گشت هەوڵەکانی بێ سوود بوو بە تایبەتی یاریزان حوسێن کەریم کە زۆر کەریم بوو لەگەڵ یانەی هەولێر چەندین هە لی




راپۆرت: رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com

# ـــەوتێکی مەزنی وەرزشی تۆمار دەکەن

ئاســـانی لە دەستدا نەیتوانی گۆڵ تۆمار بکات هـــەردوو گۆڵچی ئەحمەد عەلی و عەلا گاتـــع توانیان پارێزگاری لە گۆڵی خۆیان بکەن ئەم گێمە بە یەکســـان بوونی هەردوو یانـــە بە بێ گۆڵ بە کۆتا هات، لـــە گێمـــی دووەمـــی یارییەکە ئاســـتی یانـــەی هەولێر تۆزێك لە گێمی یەکەم باشتر بوو

هەندێك هێرشی مەترســـیداریان بردە سەر گۆڵی یانەی نەجەف، بەڵام هیچ سوودی نەبـــوو دواتر راهێنەر ســـائیر ئەحمەد کە بـــە پلانی (٣-٤-٣) یـــاری دەکرد چەند گۆ ڕ ا نکا ر ییە کـــی ئەنجامدا کە تیاییدا یاریـــزان عەلی مەنسوری هێنا شـــوێنی ئەحمەد

سەڵاح کە تووشـــی پێکان هات نەیتوانی یارییەکـــە تـــەواو بکات، بـــەڵام راهێنەر گۆڕانکارییەکی زۆر ســـەیری ئەنجامدا کاتێك یاریزان حوسێن عەبدولواحیدی هێنا شوێنی یاریزان لۆئەی سەڵاح پلانەکەی بـــۆ (٣-٥-٢) گـــۆڕی ئەمەش زۆر کاریگـــەری لـــە یانـــەی





هەولێر کرد چونکە لە هێڵی پێشەوە هیچ یاریزانێکی گۆڵکاری نەبوو، ئەمەش وای لە یانەی نەجەف کرد کە زیاتر فشار بخاتە سەر گۆڵی یانەی هەولێر و یاریزان حوسێن کەریم چەندین هەلی راستەقینەی بۆ گۆڵ تۆمار کردن لە دەستدا و گۆڵچی یانەی هەولێر ئەحمەد عەلی چەندین تۆپی مەترسیداری دوورخستەوە، بە تایبەتی لە خولەکی کۆتایی گێمی دووەم کاتێك یاریزان سەعید موحسین لێدانێکی راستەوخۆ زۆر جوانی ئارستەی گۆڵ کرد، بەڵام ئەحمەد عەلی زۆر ئازایانە تۆپەکەی دوورخستەوە، بەمەش ناوبژیوانی یارییەکە عەلا عەبدولقادر فیکەی کۆتایی هاتنی گێمی دووەمی یارییەکە لێدا بە یەکسان بوونی هەردوو یانە، لە هەردوو گێمی زیادکراوی یارییەکە ئاستی هەولێر زۆر باشتر بوو چەندین هێرشی بردە سەر گۆڵی یانەی نەجەف کە تیاییدا یاریزان شێرزاد محەمەد دوو گۆڵی سەد لە سەدی لە دەستدا، لە بەرامبەردا یانەی نەجەف لێهاتووی جەستەیان لەم دوو گێمە دابەزیوو بوو ماندووبونیان پێوە دیار بوو بۆیە هیچ هێرشێکی مەترسیداریان نەبردە سەر گۆڵی یانەی هەولێر، بەمەش هەردوو گێمی زیادکراوی یارییەکە بە یەکسان بوونی هەردوو یانە بە بێ گۆڵ تەواو بوو، لە لێدانەکانی یەکلاکەرەوەی سزا پێش ئەنجامدانی لێدانەکانی سزا راهێنەری گۆڵچی یانەی هەولێر عیماد هاشم چۆنیەتی راوەستان و شێوازی لێدانی سزای یاریزانانی یانەی نەجەف بۆ گۆڵچی ئەحمەد عەلی شیکردەوە، لە یەکەم لێدانی سزا یاریزان سەعید موحسین توانی گۆڵ بۆ یانەی نەجەف تۆمار بکات، دواتر یاریزان موسلم موبارك گۆڵی بەرامبەری بۆ





یانەی هەولێر تۆمار کرد، پاشان یاریزان حاتەم ساحب گۆڵی دووەمی بۆ یانەی نەجەف تۆمار کرد، بەڵام لە دوای ئەم لێدانە سزایە شتێکی زۆر سەیر روو دەدات کاتێك (٦) لێدانی سزا بۆ هەردوو یانە لەسەر یەکدی یاریزانەکان نەیانتوانی گۆڵ تۆمار بکەن لە یانەی هەولێر حوسێن عەبدولواحید و عەلی مەنسوور تۆپەکەیان لە ستووندا و یاریزان شێرزاد محەمەد تۆپەکەی کەوتە دەرەوەی یاریگا، لە یانەی نەجەف سەهل نەعیم تۆپەکەی کەوتە دەرەوەی یاریگا و گۆڵچی بە توانای یانەی هەولێر ئەحمەد عەلی توانی دوو لێدانی سزا لەسەر یەکدی دووربخاتەوە ئەویش هەر یەکە لە یاریزانان زیا فالح و ئەیاد سدیر بوو، دواتر کاپتنی یانەی هەولێر رافد بەدرەدین توانی گۆڵی بەرامبەر تۆمار بکات، لە لێدانی سزای شەشەم دووبارە گۆڵچی بە توانا ئەحمەد عەلی تۆپی یاریزان جاسب سولتانی دوورخستەوە، لە کۆتایی لێدانە سزایەکاندا یاریزان یاسر رەعد توانی گۆڵی سەرکەوتن و نازناوی سێیەم بۆ یانەی هەولێر تۆمار بکات، بەم گۆڵەش خۆشی خستە نێو دڵی هەموو کوردستان، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە جەماوەرێکی یەکجار زۆری شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان رژانە نێو شەقامەکانی پایتەخت بۆ دەربڕینی خۆشی خۆیان بۆ ئەم دەستکەوتە گەورەیە کە لە سایەی پاڵپشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار کاك مسعود بارزانی و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی بوو، دواتر جەماوەری شاری هەولێر لە مەراسیمێکی قەشەنگدا پێشوازیان لە یاریزانان و دەستەی راهێنەرانی یانەی هەولێر کرد دووبارە ئاهەنگیان گێڕا و پاڵپشتی خۆیان بۆ لیستی کوردستانی ژمارە (٥٤) و ژمارەی (١٢)ی رێزدار مسعود بارزانی نوێکردووە پەیمانیاندا کە دەنگ بەم دوو ژمارەیە بدەن چونکە خزمەتێکی زۆری وەرزش و وەرزشدۆستانی کوردستان دەکات، لە کاتی ئاهەنگ گێڕانەکەدا زۆربەی بەرپرسانی حیزبی و حکوومی و وەزیری وەرزش و لاوان و پارێزگاری هەولێر لەگەڵ بەرپرسی مەڵبەندی سێ و بەرپرسی لقی دوو لە نێو جەماوەر ئاهەنگیان دەگێڕا.

**ژمارە پێوانییەکان**

دوای ئەوەی یانەی هەولێر توانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی بە دەست بێنێت، چەندین ژمارەی پێوانیی شکاند لەوانە یانەی هەولێر یەکەم یانەی پارێزگایەکانە کە (٣) جار لەسەر یەکدی خولی پلە نایابەکانی عێراق بە دەستبێنێت، یانەی هەولێر دەبێتە سێیەم یانە لە مێژووی عێراق کە بتوانێ (٣) نازناو لەسەر یەکدی بە دەستبێنێت دوای یانەکانی زەورا کە لە ساڵەکانی (١٩٩٤-١٩٩٥-١٩٩٦)، (١٩٩٩-٢٠٠٠-٢٠٠١) بە دەستی هێناوە و یانەی ڕەشیدی پێشوو کە ئێستا یانەی (کەرخ)ە ئەویش لە ساڵەکانی (١٩٨٧-١٩٨٨-١٩٨٩) بە دەستیهێناوە، بە پێی ئەو زانیارانە یاریزانی یانەی هەولێر را فد بەدرەدین دەبێتە یەکەم یاریزان لە مێژووی عێراق کە بتوانی (٣) جار لەسەر یەکدی نازناوی خولی عێراق بەرزبکاتەوە ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ یاریزانی ناوبراو، یاریزانی بە توانا یاسر ڕەعد بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی عێراق کە بتوانێ (٤) نازناو لەسەر یەکدی بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی زەورا بە دەستی هێنا و (٣) جاریش لەگەڵ یانەی هەولێر.

**ئەحمەد سەلاح و گۆڵکار**

دوای کۆتایی هاتنی خولی پلە نایابەکانی عێراق یاریزانی یانەی هەولێر ئەحمەد سەلاح بووە گۆڵکاری خولەکە بە تۆمارکردنی (١٥) گۆڵ ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئەم یاریزانە بە توانایە، ئەحمەد سەلاح لە لێدوانێکیدا وێرای ئەوەی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە عێراق بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی و بە دەستهێنانی نازناوی گۆڵکاری خولی عێارق، داوای لە هاندەرانی یانەی هەولێر کرد کە دەنگ بە لیستی کوردستانی ژمارە (٥٤) و ژمارە (١٢)ی کاک مسعود بارزانی بدەن بۆ ئەوەی دەستکەوتە وەرزشییەکان بەردەوام بن.

**خەڵاتەکان**

دوای کۆتایی هاتنی یاری کۆتایی و بە دەستهێنانی یانەی هەولێر بۆ ئەم دەستکەوتە گەورە و مێژووییە، چەندین خەڵاتی گەورە و گران بەها بەسەر یاریزان و دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر دابەش کرا، کە تیاییدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی وێرای پیرۆزبایی کردن لە یانەی هەولێر بڕیاریدا خەڵاتێکی تایبەت گران بەها پێشکەش بە گۆڵچی یانەی هەولێر ئەحمەد عەلی بکات و هەروەها خەڵات بداتە یاریزانەکانی تر، دواتر جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی بڕیاریدا بە خەڵاتکردنی یانەی هەولێر بە بڕی (١٠)هەزار دۆلار، و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریدا بە خەڵاتکردنی یانەی هەولێر بە بڕی (٥٠) ملیۆن دینار بە هەمان شێوە وەزیری وەرزش و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەها بەرواری بڕیاریدا ئەویش یانەی هەولێر خەڵات بکات بە بڕی (٥٠) ملیۆن دینار، هەوروەها سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەزیری وەرزش و لاوان حکوومەتی عێراق بڕیاریاندا یانەی هەولێر بە بڕی (١٠٠) ملیۆن دینار خەڵات بکەن، وا چاوەڕوان دەکرێت چەندین خەڵاتی تر بدرێتە یانەی هەولێر .

**دەستکەوتەکانی وەرزشی کوردستان بەردەوامە، یانەی دهۆك بۆ یەکەم لە مێژووی خۆیدا پلەی سێیەمی بە دەست هێنا**

تەنیا لە شاری هەولێر ئاهەنگ گێڕان نەبوو، بەڵکو ئاهەنگ گێڕان شاری دهۆکیشی گرتەوە کاتێك یانەکەی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا توانی پلەی سێیەم لە خولی پلە نایابەکانی عێراق بە دەستبهێنێت ببێتە دەستکەوتێکی گەورە و مێژووی بۆ ئەم یانەیە، بەمەش دەستکەوتەکانی وەرزشی کوردستان بەردەوامە کوردستان هەر لە خۆشیدا بە پاڵپشتی سەرۆك بارزانی و سەرۆك حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بگەڕێنەوە سەر یانەی وەرزشی دهۆك ئەم یانەیە لە یارییەکی مێژوویدا لەسەر پلەی سێیەم و چوارەمی خولی پلە نایابەکانی عێراق ڕووبەڕووی یانەی ئەمانە بووە، لە گێمی یەکەم یانەی دهۆك ئاستیان وەکو پێویست نەبوو یانەی ئەمانە چەندین هەلی ئاسانیان لە دەستدا بە تایبەتی یاریزان ئەسعەد عەبدولنەبی کاتێك نەیتوانی لە لێدانی سزا گۆڵ تۆمار بکات، لە گێمی دووەم ئاستی یانەی دهۆك زۆر باشتر بوو، هەر زوو کاپتنی یانەی دهۆك خالید موشیر توانی گۆڵێکی یەکجار جوان تۆمار بکات دوای جێبەجێکردنی لێدانێکی ڕاستەخۆ بەم گۆڵە مێژوویە یانەی دهۆك پلەی سێیەمی بە دەستهێنا، دوای گەڕانەوەی یانەی





دهۆك بۆ شـــاری دهۆك جەماوەرێكی یەكجار زۆر لە پێشوازی یاریزانەكان بوون، لە نێو شـــاری دهۆك هاندەران ئاهەنگیان گێرا و یاریزانەكانیش بە درێسی لیستی كوردستانی ژمارە (٥٤) و ژمارە (١٢)ی ســـەرۆك بارزانی ئاهەنگیان دەگێڕا هیوادارین حكوومەتی هەرێمی كوردستان و بەرپرسانی حیزبی و حكوومی یانەی دهۆكیش خەڵات بكات چونكە ئەوانیش دەستكەوتێكی مێژوویان بۆ خۆیان تۆمار كرد و دڵی جەماوەرەكەیان خۆش كرد و سەری كوردستانیان بەرزكردووە.

لە كۆتاییدا ئەمەیە پاڵپشتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كاك مسعود بارزانی و سەرۆك حكوومەتی هەرێمی كوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ وەرزش كە چۆن وەرزشی كوردستان گەیشتۆتە ئاستێك كە كەس نەتوانی بەرنگاریان ببێت، بۆ پاراستنی ئەم دەستكەوتە وەرزشیانە دەبێ هەمومان دەنگ بە لیســـتی كوردستانی ژمارە (٥٤) و ژمارە (١٢)ی كاك مســـعود بارزانی بدەین لـــە هەڵبژاردنەكانی داهاتوو.




24
1

# (بارتێز) خۆشحاڵە بە دیارییە تایبەتییەکەی سەرۆک بارزانی

**دوای ئـــەوەی گۆڵچـــی یانەی هەولێر ئەحمەد عەلی ناســـراوە بە (بارتێز) رۆڵێکی گەورەی بینی لە بەدەســـتهێنانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ وەرزی ســـێیەم لەســـەر یەکتری دوای ئەوەی توانی لە یاری کۆتایی ئاســـتێکی یەکجار بەرز نیشان بدات و لە لێدانی یەکلاکەروەی ســـزا توانی (٣) لێدانی ســـزا دووربخاتەوە، بۆ ئەم ئاستە بەرزەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا کە دیارییەکی تایبەت بە ئەحمەد عەلی گۆڵچی ببەخشی، ئێمەش لە نزیکەوە بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەیە لەگەڵدا سازبدەین.**

*** هەســـت بە چی دەکەیـــت دوای ئەو ئاســـت بەرزیەی کە لە یـــاری کۆتایی نیشانتدا؟**

- ئەوەی راســـتی بێت بە دەســـتهێنانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ ســـێیەم وەرز لەســـەر یەکدی ئەمە شتێکی زۆر گەورەیە بۆ یانەی هەولێر و دەستکەوتێکی مێژوویە، ئەم دەســـتکەوتەش بە ماندوو بوونی یاریزانان و دەســـتەی کارگێڕی یانەی هەولێر بوو، ئەم بردنەوەیەش بۆ یانەی هەولێـــر تەنیا بۆ من نییە، هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم.

*** دوای کۆتایـــی هاتنی یارییەکە بەرێز مســـعود بارزانـــی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بڕیاریـــدا بـــە خەڵاتکردنت بـــە دیارییەکی تایبـــەت ئەمە چ بۆ تۆ دەگەینێت؟**

- زۆر سوپاسی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەم بۆ ئەم دیارییە تایبەتە و هەست بە خۆشـــیەکی زۆر دەکەم، ئەمە شتێکی زۆر گەورەیـــە بۆ مـــن، بەڵام دەبێ هەموو یاریزانـــەکان خەڵات بکرێت چونکـــە هەموو یاریزانـــەکان ئاستێکی باشیان نیشاندا لەم یارییە.

*** ئایا ئەحمـــەد عەلی بۆندی لەگەڵ یانەی هەولێر نوێ دەکاتەوە؟**


- تا ئێســـتا دیار نییـــە چونکە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی و دەستەی راهێنەران هیچ قســـەیەکمان لەمبارەیەوە نەکردووە، بـــەڵام پەنا بەخوا لە وەرزی داهاتوو هەر بۆ یانەی هەولێر یاری دەکەم.

*** پێش دەســـتپێکردنی لێدانەکانی ســـزا راهێنـــەر عیماد هاشـــم هەندێك شـــتی بۆ باس دەکردی، چ بوو ئەم قســـانەی راهێنەر عیماد هاشم؟**

- ئەوەی راستی بێت راهێنەر عیماد هاشم رۆڵێکی گەورەی هەبـــوو لە بردنەوەمان بە تایبەتـــی لە لێدانـــی یەکلاکەرەوەی ســـزا کاتێك هەندێك شتی بە من گۆت مـــن توانیم هەمووی جێبەجێ بکەم، من تەکتیکی تایبـــەت بەخۆم لە لێدانەکانی سزا بە کارهێنا ســـوپاس بۆ خوا تیاییدا سەرکەوتوو بووم.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی هاندەرانی یانەی هەولێر دەکەم کە پاڵەپشتی ئێمە بوون لە هەموو کات و ساتێکدا زۆر سوپاسیان دەکەم کە پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردین، پەنا بە خوا دەســـتکەوتی گەورەتر بە دەست دەهێنین.



## مایسترۆی داهاتووی کوردستان و عێراق

### موراد گەردی باشترین یاریزانی پلە دووی نەمسایە، کوردە

# حەز دەکەم لە یانەی هەولێر یاری بکەم

**زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کەوا فلان یاریزان کوردە لەم یانەیە یاری دەکات یاخوود ئەو یاریزانە دایکی یاخود باوکی کوردە، بەڵام هیچ سودێکسان بۆ کوردستان نییە، لە وڵاتی نەمسا یاریزانێکی بە توانا و لاوی کورد لەم وڵاتە یاری دەکات ئەویش یاریزان موراد گەردیە، ئەم یاریزانە لە ساڵی (١٩٨٦) لە شاری هەولێر لە دایکبووە هەر کە تەمەنی بچووك بووە چۆتە هاندەران و لە وڵاتی نەمسا نیشتەجێ بووە، سەرتای دەست پێکردنی تۆپی پێی لە ئەکادیمیەی فۆر ئێلبیرگ بوو بە هۆی ئاست بەرزیەوە یانەی ( ئاوس تریا لۆس تەناو) ی نەمساوی کە لە خولی پلە دووی نەمسا یاری دەکات دواتر چووە ریزی یانەی (ئێف جی هارت)ی نەمساوی ئەویش لە ریزی پلە دووەکان یاری دەکات، تا ئێستاش لەم یانەیە بەردەوامە، زۆربەی ئەو کەسانەی ئاستی ئەم یاریزانانیان دیوە بە ئاستی یاریزان نەشئەت ئەکرەم ناوزەند دەبن، ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و دەتوانێ بە چەپ و راست یاری بکات، دوای ئەوەی بە سەردانێك گەڕاوە کوردستان ئێمە بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبدەین.**

*** ئێستا لە کام یانەی نەمسا یاری دەکەیت؟**

- ئێستا لە یانەی (ئێف جی هارت)ی نەمساوی یاری دەکەم کە یانەیەکی پلە دووی نەمسایە بۆ وەرزی ئەمساڵ گەیشتینە یاری کۆتایی خولی پلە دووەکانی نەمسا بۆ ئەوەی یانەیەك بگاتە خولی پلە یەکەکانی نەمسا ویاری کۆتایمان لەگەڵ یانەی (ڤیکتۆریا بریکنس) بوو، بەڵام یارییەکەمان دۆڕاند، دواتر من بە باشترین یاریزان لە خولی پلە دووەکان دەستنیشان کرام چونکە لە وەرزی ئەمساڵ ئاستێکی زۆر باشم نیشاندا کە بووە جێگای دەستخۆشی.

*** دوای ئەم ئاستە بەرزە هیچ بۆندێکت بۆ هاتووە یاخود وەرزی داهاتوو لە کام یانە یاری دەکەیت؟**

- دوای کۆتایی هاتنی خولی پلە دووەی نەمسا چەند بۆندێکم بۆ هاتووە لەوانە لە یانەێکی پلە دووی ئەڵمانیا و یانەێکی پلە یەکی نەمسا و یانەیەکی سویسری و ئیتاڵی بۆم هاتووە، لە وەرزی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) بۆندێکی گران بەهام لە لایەن یانەی ئەهلی قەتەری بۆ هات، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك نەمتوانی بچمە ئەم یانەیە.

*** ئایا ئامادەی یاری بۆ یانەی هەولێر بکەیت؟**

- بەڵێ من ئامادەم یاری بۆ یانەی هەولێر بکەم، من گوێبیستی هەواڵی یاریزان چیاوەر خەندان بوویمە لەگەڵ یانەی هەولێر، بەڵام من متمانم زۆر بە خۆم هەیە کەوا وەکو یاریزانێکی سەرەکی یاری بکەم لەم (تجربەی) چیاوەر خەندان ناترسێم، سەیری یارییەکانی یانەی هەولێر دەکەم.

*** هۆی چییە تا ئێستا هەر لە ریزی یانە پلە دووەکان یاری دەکەیت؟**

- ئەوەی راستیە ئەو یانەیە کە یاری بۆ دەکەم داوای پارەیەکی زۆری دەکرد تا دەستبەرداری من بێت، بەڵام ئەمساڵ بۆندم لەگەڵ ئەم یانەیە تەواو بوو بۆیە دەتوانم بچمە هەر یانەیەك بە بێ پارە.

*** حەز دەکەیت لە کام خول یاری بکەیت؟**

- من زۆر حەز دەکەم لە خولی ئەڵمانیا یاری بکەم و ئێستاش بۆندێکم لە یەکێك لە یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیام بۆ هاتووە رەنگە لە وەرزی داهاتوو لەم خولە یاری بکەم.

*** ئایا هیچ جار لە هەڵبژاردەکانی نەمسا یاریت کردووە؟**

- بەڵێ، کاتێك من لە ئەکادیمیای فۆر ئێلبیرگ بووم، ئەم ئەکادیمیە بەشداری پاڵەوانیەتیەکی لاوانی کرد بەناوی هەڵبژاردەی لاوانی نەمسا لەم پاڵەوانتیەش هەر یەکە لە یانەکانی مانچستەر یۆنایتد و شتۆتگارد و دینمۆ کێیفی ئوکرانی و بێشکتاشی تورکی و هەڵبژاردەی لاوانی ژاپۆن بەشدارییان کردبوو ئەم خولەش تایبەت بوو بە لاوان، من لەم خولە لە دوو یاری بەشداریم کرد دژی یانەکانی مانچستەر یۆنایتد و بێشکتاشی تورکی یارییم کرد.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوادارم بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان یاخود عێراق بکرێم بۆ ئەوەی خزمەتی وڵاتەکەم بکەم هەروەها ئاستم زیاتر بەرزتر بێت، زۆر سوپاسی ئێوش دەکەم کە ئەم دەرفتەتان بۆ من رەخساند.

